KOYA UNIVERSITY

پڕۆژەی ئینسایکلۆپیدیای کۆیە



کۆبەرهەمی بڵاونەکراوەی تاهیر ئەحمەد حەویزی

پەندی پێشینان و مەتەڵ

40570

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب : پەندی پێشینان و مەتەڵ
نووسەر: تاهیر ئەحمەد حەوێزی
بابەت : ئەدەبی فۆلکلۆر
پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوەی: پ.ی.د. دەریا جەمال حەوێزی
پیتچنین: شیاو سەرتیپ تاهیر جەراج
دیزاینی ناوەڕۆک: باوکی دارین
دیزاینی بەرگ: ڕێبەر سەرتیب تاهیر جەراج
نۆبەتی چاپ: یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٠
شوێنی چاپ: کوردستان ـ هەولێر ـ کۆیە
چاپخانە : سەنتەری لاس ـ کۆیە

لیژنەی سەرپەرشتی چاپ: پ.ی. د. حەیدەر لەشکری، پ.ی.د.لوقمان وسو عمر، پ.ی.د. دەریا حەوێزی، هۆگر رسول أحمد، ڕێبەر سەرتیپ

لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی کۆیە ـ ژمارە (٢٦)

سەرنج: زانکۆی کۆیە دەستنووسەکانی مامۆستای مێژوونووس وەك خۆی چاپ دەکات، زانکۆ بەرپرس نییە لەناوەڕۆکی کتێبەکان.

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی نووسەر

هەردەم بەقسەی دووبارە نایە، نەگەر تووشیش بووبم، نەوە پێرا نەگەیشتووم یا نووسراوی پێش خۆم بخوێنمەوە، وە یا دەستم کەوتبێ، وە یا بە بژارکردن بە نووسراوی خۆم دابنێمەوە. هەرچەند ئەمە بێ لەعەیب نانە. فۆلکلۆرەکانی من نووسیتمەوە، بەزۆریان شێوەیەکی خۆجێی بە تایبەتی کوێە و دەوروبەرەکەی، هەرچەندە گوێم لەزۆر کەسی وەک هی زۆر شوێنی تریش راگرتووە. کەمتر بەلای فۆلکلۆری پارێزگاکانی هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، صلاح الدین و دیالی چووم، وە پارێزگای: دهۆک وە موصل، ئەم دوو پارێزگایە خوێندەوارو ئەدیبی زۆر مەزنی لێ هەبووەو هەیە، کە لەشێوە کوردییەکەی خۆیان زۆرباش دەگەن و زۆرێشیان لەسەر نووسیوەتەوە، راستیەکەی شێوەکەیان بەنیسبەت من زۆر پێویست دەکا وەک دەرس بیخوێنم، وە مێژوونووس و نووسەرو وێژەوانی سلێمانی بەهیچ کلۆجێک لەگەل پارێزگاکانی تر بەرانبەر ناکرێ، خۆیان زۆر باسی خۆیان کردووەو نووسیوەتەوە، بەتایبەتی ناو شار خۆی، دوورجارو سێ جار نوسرایتەوە.

ئەوەی من کردوومە، دڵۆپێکە لە دەریایەیەک، من زۆر بەکەمی پێ راگەیشتووم، وە رۆژ بەرۆژ هێ نوێ پەیدا دەبێ، هێ کۆن - نەگەر نەنووسرێتەوە - ون دەبێ، بێ لەهێ ئەملاو ئەولا کە تێکەڵ بوون پەیدا دەبێ.

هەندێک دەڵێن: قسەو راستی وا هەیە، نەک نابێ بنوسرێتەوە، بەڵکو نابێ بشگوترێن، چونکە ناشرینە وە یا دەوریان بەسەر چووە، بەڵێ راستە، بەڵام هەر دەورەو هەر چینەو پیشەوەرە، چەشنە نەدەبێکی خۆی هەیە، هۆیەکانیان بزانرێن و ون نەکرێن باشە.

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

خۆم پێی لێ دەنێم لەنووسینەکانمدا تێکەڵی و پێکەڵیەک هەیە، پێویست بەڕێزکردن هەن، بەڵام چی بکەم؟ من هەر هەندەم لە تواناداید!.
نووسینەکانم هەموو چینەکان دەگرێتەوە - کە هەندێ ئەدیبمان پێیان خۆشە بڵێن: 'چینی دەرەبەگ، چینی تێروتەسەل، چینی هەژارو چەوساوە' - وە بۆ هەر چەرخە چەشنە ئەدەبیات و ڕەوشتی خۆی بەدەردەخا.
فۆلکلۆر کە ئەدەبی شەعبییە، بەزۆری لەناو قەومی نەخوندەوارو ژێردەستە، ئەهمیەتی پێ دەدرێ، چونکە نانووسرێتەوە، ناچار لە سینگیان هەڵی دەگرن و بە زوبان دەیڵێنەوە، لەبەرئەمە گۆڕینی زۆر بەسەر دادێ، وە بەڵکو هەندێکی لچک و لێوی لێ دەندرێ، وە هەندێکیش قوندە دەکەن، وە هەشە لەبەر زۆر دوورکەوتنەوەی، لەهەندێ وشە یان پارچەی هەر ناگەی.
زۆر دۆستی وا هەیە پێم دەڵێن: 'پێمان خۆشە نووسینەکانت هەمووی شێوەی وقارانەی هەبێ'. ڕاست دەکەن، لەگەڵ ئەمەش نووسین وا چاکە واقعی (قەوماوی)بی.
زۆر پەندو قسەی پێشینان، وەک زۆر شتی کەممان، لەبەر نەنووسینەوە، وە یا نووسراونەوەو لەڕووداوی ناگەهانی فەوتاون، وە لەگەڵ پیرەمێردو پیرەژنەکان چووینە ژێر گل و لەگۆڕا ون بوون.
بۆ ئەمەی بتەوێ لە هەڵەی دووبارەو سێبارە گوتنەوەو نووسینەوە ڕزگارت ببی، وا چاکە زۆر نووسین، وەک فەرهەنگی لێ بکەی، یا بەپێی پیتەکان ڕێکی بخەی وە یان بەپێی شێوەی کۆمەڵایەتی، بابەت بابەت بینووسیەوە.
ئەگەر وا نەکەی، وە یا بەپێی دەستاوێزان نەینووسیەوە، دەبی خوێنەر، سەرتاپای کتێبەکە بخوێنتەوە، تا لە شتێک بگا، یا قل قلە بۆ خۆی لێی

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ببژیری منیش لەسەر راقینی گەلێ پەندان پێ دزەم کردوە، چونکو بە تەواوی و پڕ بە پێستی واتایەکەیم بۆ نەزاندراوە.
دوورنییە لەبەر زۆری تووشی دووبارە، بەڵکوو سێبارەش ببن، بۆیە پێداچوونەوەی زیاتر دەوێ، ئەگەر بێتوو هەر کەس- کە ئێستا جموجۆڵێکی تەواو هەیە، کەهێشتا کافی نییە، هەرکەس هی شوێنی خۆی، بەوردی و بە درێژی کۆبکاتەوە، ئەوسا هی هەموو کوردستان دەردەچێ، ئەوکاتە دەبینین و هەستی پێ دەکەین لەنێوانی ئەدەبی گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەڵکە هی پێشکەوتووەکانیش ئەدەبی کوردی چ دەرپایەکی پان و قوول و شەپۆلاوییە. نە پەند کۆتایی دێ نە مەتەل، ئەگەر چاوەنۆڕ بی وە یا خەریک بی هەتا هەمووی کۆنەکەیەوە چاپی نەکەی، ئەوە تا هەتایە بەتەنها پێ ڕاناگەی و نایگەیەی، چونکو زۆر پەند هەیە تازە لەدایک دەبێ، بەتایبەتی لە ژیانی ئاڵۆزو پاڵۆز. وە هەرکەسیش دەتوانێ ڕۆژێ چەند مەتەڵان دابنێ، وە یا لە ئەدەبی بێگانە وەربگرێ.
لەسەر پاش و پێشی وشە، مەتەل دووبارەو سێبارە دەبێتەوە، زۆر پەندو مەتەل هەیە. لەجێگا وە یان لەشێوەیەک مەعنای تەواو دەبەخشێ لە شوێنێکی هەر تێی ناگەن، بەڵکو بەڵایانەوە هیچ نییە.
دەشێ لەو پەندانەی کە من کۆم کردۆتەوە، هەبێ ئەگەر لە تەعبیر جیا بن لە مەعنادا یەکتربگرنەوە. وە گوتراوە: مالی قەلب سەر بە ساحیبیەتی. من سوودم لە هی هەرە نەخوێندەوار وەرگرتوە.

ئەمڕۆ (١٩٩٧/٨/١٨) لەسەرو بەری بوومەوە.

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

تێبینی: ئەمانەو زۆری‌تر لەسەر پەندی پێشینان وە مەتەڵیان نووسیوەو بە چاپیان گەیاندوە، وە تا پێم کرابی هی ئەوانم دووبارە نەکردیتەوە.

١. (قسەی پێشینان و گۆستاو لۆبۆن)ی مامۆستا حقی شاوەیس، چاپخانەی ئەیتام، بغداد، ١٩٣٣، ٦١٣ پەند.
٢. (هەزار بێژو پەند) مامۆستا معروف جیاووک، چاپخانەی (نجاح)، بغدا، ١٩٣٨.
٣. (پەندی پێشینان) مامۆستا شێخ محمدی خال، چاپخانەی (معارف)، بغداد، ١٩٥٧، (١٣٠٨) پەند.
٤. گۆڤاری (گەلاوێژ)، (٩٣٢) پەند.
٥. گۆڤاری (دیاری کوردستان).
٦. گۆڤاری (دیاری لاوان).
٧. گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە).
٨. گۆڤاری (زاری کرمانجی).
٩. کاکەی فەلاح، هەندێ لە پەندەکانی پیرەمێردی (ژین) و (ژیان)ی لە دوو بەرگ کۆکردۆتەوەو لە ساڵی (١٩٦٩) لە بەغدا لە چاپخانەی (أعظمی) لە چاپی داوە، (٦٤٤٨) پەند.
١٠. محمد توفیق وردی، فۆلکلۆری کوردی، بەشی دووهەم، پەند، ساڵی (١٩٦١)، چاپخانەی (دار التضامن).
١١. دکتۆر جمال نەبەز، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لە کوردستانا، ساڵی ١٩٧٠.
١٢. عومەر شێخەڵلا دەشتەکی، پەندی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ١٩٧٢.

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

١٣. پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، د. شوکریە ر إبراهیم، ١٩٨٤.
١٤. ناوەڕۆکی فیکری و ئەدەبی، وەرگێڕانی د.شوکریە ڕەسول و ج تەقێ.

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library